# هۆ.ئێس. نویبەری(H.S.Nyberg) لە کوردستان

**نووسینی: سیگرید کالله.**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی.**

کاتێک پرۆفێسسۆر هۆ. ئێس. نویبەری(H.S.Nyberg)[1] باوکم هات، بۆ ئەوەی جەژنی 70 ساڵەی لەدایکبوونی خۆی لای ئێمە لە بەغدا بباتە سەر، یەکێک لە ئاواتەکانی ئەوە بوو، کورد ببینێت. ئەودەمە، ئێمە وەک دیپلۆمات لە بەغدا دەژیاین. لە سەردەمی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و لە ساڵانی 1959-1960دا بوو،کوردەکانی عیراق بۆ ماوەیەکی کورت و کەمخایەن، ئۆتۆنۆمییەکی فەرهەنگییان هەبوو و بە ئازادی دەژیان. باوکم دەشیەویست بە زووترین کات وانەی زمانی کوردی بخوێنێت. ئێمە توانیمان "پاکیزە حیلمی"[2] بدۆزینەوە. پاکیزە حیلمی، لەگەڵ هەندێک کوردی بەناوبانگی سلێمانیدا، بانگهێشتنی چایخواردنەوەی کردین. خاتوو پاکیزە حیلمی، مامۆستایەکی زمانی کوردی بۆ باوکم پەیداکرد. مامۆستاکە، هەموو بەیانییەک لە نێو باخچە جوانکیلەکەماندا لە کەنار دیجلە بەرانبەر دۆرە، لەگەڵ باوکمدا دادەنیشت. 24ی فێبریوەری 1960، باوکم سەمینارێکی لەمەڕ "گەشەکردنی زمانی فارسی و سەرنجێکی تایبەتی لە زمانی کوردی"، بە ئینگلیزی و بۆ خوێندکارانی کورد لە زانستگەی بەغدا ساز کرد. دەبێ ئەو کارەی باوکم تا ڕادەیەک شتێکی گرنگ و سەیر بووبێت، بۆ ئەو خوێندکارە لاوانە، کە بۆ جاری یەکەم ببیسن، ئەورووپاییەکی زمانەوان بە شێوەیەکی زانستییانە لەمەڕ زمانی ئەوان دەدوێت. پاش سەمینارەکە، خوێندکارەکان پرسیاری ئەوەیان کرد، کە: "کام زمان کۆنترە، کوردی یا فارسی؟" یا "ئێوە زۆرتر حەز بە کام زمان

---

[1] هۆ. ئێس. نویبەری(H.S.Nyberg) : هەنریک سامۆییل نویبەری، لە 1889/12/28 لە "سوێدەربێرکە" لە سوێد لەدایک بووە و ساڵی 1974، کۆچی دوایی کردووە. ساڵی 1908 بۆ خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی و زمان چووەتە زانستگەی ئوپسالا و بووە بە شاگردی "کەی. ڤی. سێتتەشتێن K.V. Zettersteen"، مامۆستای بەناوبانگی زمانانی سامی و پاشانیش بووە بە جێگری ئەو لە هەمان زانستگەدا. ساڵانی 1924-1925 لە مسر خوێندوویەتی. لە 1931-1956 پرۆفێسسۆری زمانانی سامی بووە و پاشانیش بووە بە پرۆفێسسۆری زمانانی ئێرانی و لە بواری ئێراننناسیدا لەمەڕ ئایین و مێژوو وزمانەوە و بە تایبەت زمانی پەهلەوی، کارێکی زۆری کردووە. بواری سەرەکی توێژینەوە و لێکۆلینەوەی ئەو، زمانانی سامی، بە تایبەت زمانی عەرەبی بووە. لە ساڵی 1948ەوە، ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی بووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی"ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی" بووە. ساڵی 1957 لە لایەن کۆنگرەی جیهانی ڕۆژهەڵاتناسانەوە مەدالیای زێڕینی "Lidzbarski"، وەرگرتووە. هەرچەندە لە بواری زمان و ئایین و ئێراننناسیدا زۆر خەریک بووە و کاری کردووە، بەڵام لە ساڵی 1960دا و لە تەمەنی 70 ساڵیدا، بۆ یەکەم جار سەردانی ئێرانی کردووە و ساڵی 1963یش بۆ جاری دووەم سەری ئێرانی داوەتەوە. مامۆستا و زانا و زمانەوان و توێژەرەوەیەکی دیار و ناسراو بووە.(وەرگێڕ).

[2] مەبەست "پاکیزە ڕەفیق حیلمی"یە.(وەرگێڕ)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکەن، فارسی یا عەرەبی؟". باوکم، کە بریسکە و درەوشاوەیی لە چاواندا بوو، زیرەکانە و دادوەرانە گوتی:"کوردی".

## پشوویەکی نائاسایی:

هەر یەکسەر پاش شۆڕشی 1958، من بۆ خۆم، لەگەڵ کچە چکۆلە یەک ساڵانەکەمدا، چوومە کوردستان. چۆن ڕێککەوت؟ دیارە ئەمە جێگەی پرسیارە. ئەودەم، هیچ بیانییەک نەیدەتوانی بە نێو عیراقدا بگەڕێت و بسووڕێتەوە. من بڕیارم دابوو بە هەر شێوەیەک بێت، بە زووترین کات دوای گەیشتنم بە عیراق، سەردانی کوردستان بکەم و کوردستان ببینم. لە وەزارەتی نێوخۆ داوای ڕێپێدان و مۆڵەتم کرد. وەک هۆیەکیش بۆ گەشتەکەم، سووک و هاسان، نووسیم "پشوودان". دیپلۆماتەکان، لە بەغدا، بڕوایان بە گوێی خۆیان نەدەکرد کاتێک، بیستیان من ڕێگەی گەشتکردنم پێ دراوە. خۆم و منداڵەکەم بە شەمەندەفەر چووین بۆ مووسڵ. لەوێ لە ماڵی خێزانێکی عەرەبی دۆست، کە بەو تازانە بە هۆی یاخیبوونەکەی شەووافەوە، ماڵەکەیان تاڵان کرابوو، ماینەوە. تا ئەو کاتەش مرۆڤ تا ڕادەیەک بۆنی خوێنی ئەو هەموو مردووانەی سەر ئەو شەقامانەی دەهاتە لووت. ئێمە سواری ئۆتۆبووسێکی ئاسایی ڕێگەی دەرەوەی شار بووین و بەرەو ژوور، بۆ هوتێلی مەزنی تۆریستی لە سەرسەنگ، وەڕێ کەوتین. شا فەیسەڵ و عەبدولئیلاه، کە بەو تازەیە لە شۆڕشەکەدا کوژرابوون، لە سەرسەنگ هاوینەکۆشکیان هەبوو. من بۆم هەڵکەوت، ئەو کۆشکە لە ناوەوە ببینم. ئەو هوتێلە مەزنە ڤالا بوو. ئەوانەی ئاوەدانیان کردبووە، هەزاران مێش و کچە چکۆلەکەم و من خۆم بووین. بە چواردەوری ئەستێڵی مەلەکەدا، هەموو بەیانییەک کۆمەڵێک کورد دادەنیشتن و دەیانڕوانییە "ئیسە"[3] و من، کە چۆن خۆمان دەخستە ئەستێڵەکەوە. ئێواران روومان دەکردە باخێکی گچکە لە سەرەوە، کە کوردەکان وەک خوویەک، هەموو ئێوارەیەک لەوێ خڕدەبوونەوە و دەیانکرد بە گۆرانی و شایی. ئێمەش لەگەڵیاندا دەبووین و چەپڵەمان لێدەدا. تەنێ پیاوان دەهاتن. هەر زوو لەگەڵیاندا دۆستایەتییەکی گەرممان پەیداکرد و ئەوانیش لە ئاگالێبوون و چاودێریکردنی ئێمەدا، باوک ئاسا و دۆستانە بوون. پاش چەند ڕۆژێک ئەفسەرێکی عیراقی هات و بە توندی و تووڕەییەوە پێی گوتم، ئایا من لەوە تێناگەم، کە بۆ ژنێکی تەنیا و زارۆکێکی گچکە، زۆر دژوار و سەختە، هەر دوو مانگ دوای شۆڕشی تەمموز، لە نێوەندی ئەم کوردستانە کێوییەدا، لەم هوتێلەدا بن!. من پێکەنیم. ئەمجارەش دەبوو باوکم و من، جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. من بە دەربڕین و وشەی دڵڕفێن و پەسەند و دڵگیر، باسی جوانییە بێبەر و وشکەکەی کوردستانم، لای باوکم کردبوو. ئەمجارەیان بە فڕۆکە ڕۆیشتین و دوای یەک سەعات و چارەکێک گەیشتینە کەرکووک. کەرکووک بە عەمبار و گەنجینە نەفتییە مەزن و زۆرەکانییەوە، خۆشگوزەرانیی عیراق پێشان دەدات. لە کەرکووک کاتی ئاژاوە و فەرتەنەکەی پاش شۆڕش، 113 کەس، کە زۆربەیان تورکمان بوون، زیندەبەچاڵ کران. ئەمڕۆ، کە 26 جەنیوەری 1960ە، وادیدەچێت شارەکە هێمن و ئارام بێت. کەرکووک وەک مووسڵ، هیچ خانووی سووتاوی لێ نەبوو. ئێمە بە خۆمان و ئیزننامەکانمانەوە چووینە کن پۆلیس و خێرا بەرەو دەشت و لادێ کوردییەکان وەڕێکەوتین. ڕێگەیەکی قیرتاوی ڕاست و ساف و لووس بە نێو تەپۆڵکە و گردە قاوەییە زەردباوەکاندا، کە خێرا دەبوون بە لەتەکەژی کەرتکراو، بردینی. وردە بەردی زۆر و زەبەندە و خاکێکی ڕەقەن و بەژ، ئاسمانێکی بەهارەی شینی درەوشاوە بە سەر زەوییە رووتەکەدا کەوانەی دابوو.

---

[3] "ئیسە" نێوی کچەکەی "سیگرید کالله"ی نووسەری ئەم گوتارەیە و بۆ خۆیشی کچی "هۆ. ئێس. نوبەری"یە.(وەرگێڕ)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێجگە لە دەنگی ئۆتۆمبیلەکە، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەبیسرا. لە زارکی(ژوورگەی) هەر گوندێکدا، پسوولە بە نرخەکەی وەزارەتی بەرگری:"پرۆفێسسۆر نوییەری و کچەکەی..."مان دەردەهێنا و پێشانمان دەدا. لە نێوان ئاواییەکاندا تەنێ مێگەل و شوانمان دەبینی. لەپڕ و بێئەوەی مرۆڤ بە بیریدا بێت، لە پاش هەورازێک، زنجیرە کەژێکی بە بەفر داپۆشراو، لە بەر دەمماندا قوت بووەوە. لە دوورەوە لە ئێران چیای زاگرۆس، دەهاتە بەرچاو. باوکم پێیوابوو ئەوە گەچ یا بەردی قسلە. منیش پێموابوو ئەوە بەفرە. قسەی هیچمان دەرنەچوو. من هەر بەردەوام بووم، لە خەونبینین بە شاخە بەرزە بەهەشتییەکانی لای ئاسۆوە. ئەو دۆڵەی، کە سلێمانی تێدایە، پان و بەرین و تەختایی و دەشتە و زنجیرە کەژەکەیشی تا ڕادەیەک نزمە، بەڵام لە کاتی خۆراوادا، ئەو چیا بەژە بۆر و قاوەییانە دەبنە ئاگرێکی گڕ و بڵێسەدار. ئەم دۆڵە لەو دۆڵانە نییە، وەک کارێکی سیحرئامێز و پەرچووانە، شێر و هەنگوینی پێدا بڕوات. مرۆڤ دەکەوێتە بیری ئەوەی، چۆن دۆڵێکی ئاوها بژێوی سەرتاپای باژێڕێک، کە پێتەختی کوردانە، دابین دەکات. کۆمەڵە شاخی چڕ و مەزنی پیرەمەگروون بۆ خۆی بە تەنیا لەو تەختاییەدا قوت بووەتەوە. کە ئەم دیمەنانە دەبینم، دەسبەجێ گەشتەکانی خۆمم لە بەشە شاخاوییە باشوورییەکانی دیکەی ئاسیادا، لە ئازەربایجانەوە لە ڕۆژاوا تا نیپاڵ و ولاتانی هیمەلایا لە ڕۆژهەلات، وەبیر دێتەوە. تەنانەت لە نێوان دانیشتووانی ئەم جۆرە دەڤەرە ڕووتەن و وشکانەدا شتێکی هاوبەش هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هەرگیز تفەنگیان لێ دوور ناکەوەێتەوە و ململانێیەکی سەختیان لەگەڵ ژیاندا هەیە. ئەفغانەکان و پەتانەکان و کورد —مەبەستم بەراوردکردنی هەموو شتێک نییە- خوو و نەریت و فەرهەنگی خۆیانیان پاراستووە. ئەو کوردانەی، کە ئێمە لە نێو جادەدا دەمانبینین، سەر و ڕووی جوان و ڕێک و پڕیان هەبوو و باڵابەرز و بەهێز و زەلام بوون. کە مرۆڤ دەچێتە نێو هەر کارگێڕییەکەوە و لەگەڵ هەر کارمەندێکدا چای یا قاوەیەک دەخواتەوە، هەر ئەو خەڵک و مرۆڤە شلەپەتە و نەرم و شل و هەویرئاساییانەی پشت مێزی نووسین دەبینرێن، کە لە هەموو کارگێڕییەکانی جیهاندا دێنە بەرچاو. شێوەی پۆشاکی خەڵکی ئێرە زۆر جوانە. پیاوان، ڕانەکی کەوە(شینی تۆخ) یا بۆر و کراسی دوو قۆپچە و مێزەری ڕیشوودار و پشتێنێکی پان و زلی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکەن. ژنانیش، کراسی درێژی ڕەنگاوڕەنگ و پشتێنی پان و کڵاوی ڕەشی تا هەنیە داچۆڕاو و عەبایان لەبەرە. چارشێویش تەنێ ژنانی چینی نێوەندی شارەکان دەیپۆشن. لە زارکی سلێمانی بایەکی سارد و ناخۆش دای بە ڕووماندا. بایەکە بە نێو دیوارەکاندا دەگەیشتە میوانخانەکەی، کە لێی بووین. شەوی هەریەکە بە خۆراکیشەوە 24،80 کرۆنمان دەدا. ژوورەکان سادە و ساکار بوون، بەڵام هەم ئاوی گەرم و هەم مێزی نووسین و چرای خوێندنەوەیشیان تێدا بوون. باوکم مەکینەی ڕدێن تاشینەکەی لەبیر کردبوو و منیش پیجامەکەم! پاشان کردمان بە خوو و لەو ژوورەساردانەدا هەرچی جلی گەرممان هەبوون، لەبەرمان دەکرد. یەکەم شتێک کە کردمان، ئەوە بوو، سەردانی قازیی شار، "موحەممەدی خاڵ"[4]مان کرد. خاڵ، خەریکی تەواوکردنی فەرهەنگێک بوو، لە بارەی ئەو زمانە کوردییەی، کە لێرە پێی دەپەیڤن، سۆرانی. قازی، کەپوویەکی درێژ و دوو چاوی نزیکبین و تیژ و چکۆلە و دەمێکی نووقاوی هەبوون. فێسە سوورە بە بانداژ[5]ی سپی پێچراوەکەی، کە هەموو قازییەکان لە سەری دەکەن، هاتبووە نێو چاوانی و توند چەسپی سەری بووبوو.

---

[4] مەبەست "شێخ موحەممەدی خاڵ"ە.(وەرگێڕ)

[5] لەففاف(لفاف).(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گوتوبێژێکی بە سوود:

لە نێوان باوکم و قازیدا، بە عەرەبییەکی کلاسیکی،گفتوگۆیەکی سوودبەش ئەنجام درا. بە هۆی ئەو گفتوگۆیەوە، من لەوە تێگەیشتم، کە چاپکردنی فەرهەنگێک بە شێوەیەکی جوان و پوختە، لەم ناوە، کارێکی سەختە. ئەوەش فێربووم، کە زمانی کوردی، زمانێکی فرەزاراوەیە و ئەو زاراوەیەش، کە ئێستا بۆ نووسین بەکار دەبرێت، زاراوەی سلێمانییە و کوردەکان لە تورکیا، زاراوەیەکی جیاوازیان هەیە. خاڵ، باسی ئەوەی کرد، کە کوردەکانی عیراق واقیعی(ریالیست)ن و بڕوایان بەوەش نییە،کوردستانێکی سەربەخۆ، کە هەموو کوردی ئەو وڵاتانە بگرێتەوە چێ دەبێت، مەگەر پاش جەنگێکی جیهانی دیکە و دابەشکردنێکی نوێی جیهان. پاشتر بۆمان دەرکەوت، کە زۆرینەی ئەم کوردانەی سەرەوە کۆمۆنیستن و پێیانوایە، تەنێ یەکیەتیی سۆڤێت دەتوانێت، ئازادی بۆ کوردستان بهێنێت! جێی سەرسوورمان نییە، کاتێک کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق خەریک بوو داوای مۆڵەت و ڕێگەپێدانی ئاشکرای دەکرد، دروشمی "کورد و عەرەب برایە"ی هەڵگرتبوو و لە پرۆگرامەکەیشیدا گەلێک خاڵ لەمەڕ مافەنەتەوەییەکانی کوردەوە هەبوون. باوکم گوتی:"من سۆز و هاودەردییەکی گەورەم لە دڵدایە بۆ نەتەوەییانی کورد. کورد یەکێکە لەو گەلە زۆرانەی سەر زەوی، کە هەمیشە و بەردەوام چەوسێنراونەتەوە و بە پاشکەوتوویی هێڵراونەتەوە. تاکە تاکەیەک کورد لە مێژووی وڵاتانی خۆیاندا هەڵکەوتوون. ئەو سەلاحەددینە مەزنە، کە هەموومان دەچینە زیارەتی گۆڕەکەی لە دیمەشق، کورد بوو. یەکێک لە کەسایەتییە فەرهەنگییە هەرە زیرەک و شارەزاکانی مسر، ئەحمەد تەیموور پاشا، لە خێزانێکی کوردی سووریا بوو. کوردەکان، کاتێک کە دێنە نێو ڕەوش و هەلومەجی دیکەوە، دەرفەت و هەل و بواری مەزنیان هەیە. شتێکی سروشتییە، کە ئەو کوردانەی، بۆیان ڕەخساوە و هەڵکەوتوون و سەرکەوتوون لەوەی بەهرە و زیرەکیی خۆیان وەپێش بخەن، خۆزگە و ئاواتێکی گەرموگوڕیان لە دڵدایە بۆ ئازادی و سەربەستی گەلەکەیان". لە قاوەخانەیەکی سلێمانیدا دانیشتین و دەمەتەقێ و گوتوبێژمان کرد و گشتمان لە سەر ئەو باوەڕە بووین، کە باشترین هەلێک کورد لە عیراقدا هەیەتی، ئەوەیە دەست بداتە ئەو دەستەی حوکوومەت لە بەغداوە درێژی دەکات. ئێمە باوەڕمان بەوە نەبوو، پانعەرەبیزم، کە لە نێو هەندێک دەستە و تاقمدا بڵاو بووبووە، چارەسەر بێت، چونکە نیوەی عیراق، کەمینەی نەتەوایەتییە و کوردیش لە هەموو ئەو کەمینانە گەورەترە. هێڵی قاسم بەم جۆرە بوو: عیراقێکی عیراقی بۆ عەرەب و کورد و ئەرمەنی و ئاشووری و...بۆ هەر کوێیەک دەڕۆیشتین و لە گشت لایەک دەنگی "عەرەب و کورد برایە" دەهاتە گوێ و هەر کەسێکیش ئەوەی دەگوت، هەردوو پەنجەی شایەتمانی پێکەوە دەگرتن و بەوە وێنەی برایەتی پێشاندەدا. لە میوانخانەکە چاوەنۆڕی سەرنووسەرێکی کورد بووین، کە دەبوو بێتە دێنیمان، بەڵام هەرگیز نەهات. لە بری ئەو "فوئاد ڕەشید"ی سەرۆکی دەسگەی فەرهەنگی لەگەڵ "ئەلمووسا" ناوێکدا، کە بەرپرسی کارگێڕییەک بوو، هاتن. ئەو شەوە، ساردترین شەوی سلێمانی بوو. هێندە سەرمامان بوو، ناچار بووین بانگیان کەینە دیوەکەی باوکم و لەوێ خۆمان بە پەتووی ئەستوور و پۆشەنی دیکە پێچایەوە و دانیشتین. پاش ئەوەی، بە درێژا لەمەڕ کوردستان و ئەو سەرکەوتنەی وەدەستهاتووە بە پشتگیرکردنی فەرهەنگی کوردی، پەیڤین، دەستمان کرد بە قسەکردن لە بارەی سوێدەوە. ئەوان هەردووکیان زۆرزۆر پەسنی سوێدیان دا و زۆریان ستایش کرد و بە پێچەوانەیشەوە هەموو شتێکی کوردستانیان پێ خراپ بوو. من بەوەی، کە باسی هەموو شتێکی خراپی سوێدی لای خۆمانم بۆ کردن، دڵیانم دایەوە، وەلێ باوکم ئەوەی پێ خۆش نەبوو. پاشتر لەگەڵ باوکمدا پێکهاتینەوە و ئەوجا باوکم گوتی:"تۆ بۆچی بەو شێوەیە وڵاتی خۆت ڕەش دەکەیت و دەشکێنیتەوە؟! "Right or wrong, my country"، بەڵام من لەبەر ئەوەم بوو، تا ئەوان بەرانبەر بە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشکەوتنی ئێمە هەست بە کەموکووڕی و ناتەواوی نەکەن. پێنجشەممە 28ی جەنیوەری چووینە وەزارەتی زانیاری(معارف) سلێمانی[6] و لە لایەن "مووسا" و کوردێکی گچکەی ئینگلیزیزان، کە نێوی "مەجید سەعید" بوو و مامۆستایەکی ڕدێننەتاشراو، کە نێوی "مەحموود ئەحمەد" بوو و مامۆستایەکی نەخش و نیگار، کە نێوی "شەوقی" بوو و سەرۆکی "بنکەی بیستن و بینین" بوو، پێشوازی کراین. ئەمان، بە درێژایی ئەو ڕۆژە گرنگە، بوونە هاوڕێی هەمیشەیی و بەردەوامی مان. "شەوقی" داوای بۆرس (ستیپێندیۆم، منحة دراسیة)ی خوێندنی لە سوێد، یا لە ئەڵمانیای دیموکراتی، لێدەکردین و بۆ هەر کوێیەک دەڕۆیشتین، "شەوقی" گۆناسێوین بە پرچە ڕەشە لوولەکەی و دەستە جلە شیکەکەیەوە، لەبەر دەممماندا ڕاوەستابوو و بروانامەکانیشی بە دەستەوە بوون. مخابن ئێمە دەمانزانی، کە هەموو داخوازییەک دەبێ لە ڕێگەی حوکوومەتی عێراقەوە بێت و بۆیە، بە هیچ شێوەیەک، بۆ تاکەکەسێک هیچ نەدەکرا، بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە لە بواری هونەریدا کاری کردبا. ئەم "شەوقی"یە گۆناسێوینە، فیلمێکی ڕەنگداری 16 میللیمی، لە بارەی ساڵڕۆژی جەژنی شۆڕشەوە، لە ساڵی 1959دا لە سلێمانی، پێشاندابن، کە نە زرێپۆش و نە فڕۆکەی جێتی لێبوون، وەک نواندنەکەی بەغدا، بەڵکە تەنێ کچانی شۆخ و شەنگی گۆڤەندکاری کورد و دانیشتووانە چیاییەکان،کە بەشداری ڕێپێوانەکەیان کردبوو، دەبینران.

## هەڵپەڕکێیەکی کوردی:

حەزم لێبوو هەڵپەڕکێیەکی کوردی ببینم. لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەیەکە، دەسبەجێ خۆزگە و داخوازی میوانی، تێدا دەهێنرێنە دی، ئێمەیان بردە خوێندنگەیەکی کچان و لەوێ بە کچانی کونجکۆڵ و فرەپرسیار، حاتەدرام. ئەوان حەزیان دەکرد و دەیانویست هەموو شتێک لە بارەی کچانی سوێدەوە بزانن. باوکم کێشرایە نێو بازنەیەک لە مامۆستا کچە لاوە شۆخەکانەوە، کە جلی مۆدێرنیان لەبەردا بوو. ئەوان نەخش و نیگاری کوردییان پێشاندابن، کە دەستکردی خۆیان بوون. پاش قاوەخواردنەوە لەگەڵ کێکدا، کە خۆیان دروستیان کردبوو، بانگکراینە نێو هۆڵێکی گچکەوە و لەوێ نێزیکەی پەنجا کچێکی گەنج، بە پاڵتۆی ئەستوورەوە خزابوونە ژوورێ. ئەو کچانە خۆیان ئارایش نەکردبوو و پێستیان زیپکاوی و هەرزەکارانە بوو و چاوانیشیان ڕەش و جوان و ڕەنگی ڕوومەتیشیان زۆر گەش و لەشساغ و بێخەوش بوون. پێنج کچی بالآبەرز و کەڵەگەت، بۆ ڕێزلێنانی ئێمە و لەبەر دڵی ئێمە، جلی کوردییان لەبەرکردبوو. منیش وەک پێویست، ڕێک وەک ئەوان، دەستێ جلی کوردیم لەبەرکرد. جلەکان لەمانە پێکهاتبوون: دەرپێی کیسەئاسا، کە لە نیوەی بەرەوخواریان، بۆ لای دەرقاچەکانیان، چەپ و ڕاست، زەرد بوون. کراسی نیوەدرێژی تەنک، کە ئەو دیویان لێوە دەبینران و قۆڵەکانیان زۆر درێژ بوون و لە پشتەوە پێکەوە گرێ دەدران و نیوەی درێژیی قۆڵەکانیان دەکەوتنە سەر شان و لەژێر ئەو کراسە شیفۆن یا نایلۆنانەوە، ژێرکراسێ مۆدێرنی نایلۆن، کە داوێنەکانیان بە نەخش و نیگار ڕازێنرابوونەوە، دەبینران. لە سەرەوەش سوخمەیەکی نایابی نەخشێنراو، کە هەریەکەیان جۆرێک بوون. ئەوەی من کۆتری ئاشتی چکۆلە و جوانی پێوە دووراببوو. قەراخی سوخمەکەش، گۆبەرۆکی زێڕ و زیوی پێوە بوو، کە دەبریسکایەوە. بە سەر هەموو جلەکانیشەوە، چەند بلێی خشڵ هەڵگیرابوو. پێڵاوگەلێک، کە لەپێی کچەکاندا بوون، هێندێ جار بە پاژنەی پلاستیکی، نەخشێنراوبوون. پێنج

---

[6] لەو سەردەمەدا و تا ئێستاش شتێک بە نێوی وەزارەتی مەعاریف لە سلێمانی نەبووە و نییە. بێگومان نووسەر مەبەستی کارگێڕیی مەعاریفی ئەو کاتە بووە.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کچەکە، کە سەریشیان نەبەستبووە، بە چەند شێوەیەکی جیاواز هەڵپەڕکێیان کرد. لە کاتی هەڵپەڕیندا دەستی یەکیان دەگرت. ئەم دەستگرتنە، بۆ نموونە، لە کن کچانی هیندوستانی، هەرگیز نابینرێت. شێوەی پێدانان و هەنگاونانی سەماکە تا ڕادەیەک یەک جۆرە، بەڵام ڕێکوپێک و لە سەر ئاوازە. ئەو کچانەی دیکە، کە ڕاوەستابوون و تەماشایان دەکرد، دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان و هەڵپەڕکێکەرانیان بە دەنگی بەرز و هاتوهاوار و غەڵبەغەڵب، گەرم دەکرد. جارجاریش سەیرێکی باوکمیان دەکرد، بۆ ئەوەی بزانن هەڵوێستی چییە، بێگومان پێیان باش بوو. لەناکاو کچێکی ڕند و بەدەو ڕاوەستا و سترانێکی خەباتگێڕیی سیاسی چڕی و ئەوانی دیکەش بۆیان سەندەوە و بوون بە کۆرس بۆی و ناوبەناویش گۆرانییەکەیان دەبڕی، بۆ ئەوەی بابژییەکی عەبدولکەریم قاسم بکەن و پاشان بۆ ئاشتی و یەکیەتی گەل و جارێکی دی بۆ قاسم و ئەوجا بۆ ئاشتی و پاشان بۆ کۆمار و بۆ برایەتی کورد و عەرەب و لە دواییشدا دیسان بۆ ئاشتی، بابژی دەکرا. ئیدی کاتی ئەوە هات، کە باوکم شتێک بڵێت. ئەو وای بە باش زانی، کە هەندێک گۆڕان پێویستە، بۆیە وشەی "ئازادی" نێو برد. ئەوجا دەنگ و هاواری کیژان، بێسنوور و بێکۆتایی بوو. باوکم گوتی:"کە گەڕامەوە بۆ ماڵ باسی بەسەرهات و بینینەکانم لە کوردستان بۆ لاوانی سوێدی دەگێڕمەوە"، بە دوویدا شەپۆلی دەنگی بەرز و قاڵە و هاوار بەرز بووەوە و ئەگەر کچەکان بیانتوانیبا باوکم هەڵگرن و بەرزبکەنەوە بۆ ئاسمان، بێگومان دەیانکرد. نەسرین، کچێک بوو لەو نێزیکانە ڕاوەستابوو. سەرپێییەکانی لە پێ داکەند و دایانی بە من. منی گەوج و دەبەنگیش سەرگۆناکانیم ماچ کردن و ئەوەش، بۆ هۆی تێز و گاڵتەی هەموان و کچەکانیش دەستیان کرد بە هاوار و چەپڵەلێدان و کچەکەش ماچەکانمی گێڕایەوە و ماچی کردم. ئەوجا بردیانین بۆ ژووری پۆلێکی دی و "نوییەری"، لە نێوان کچانی گەنجتردا، کە لە نێوان 12 و 16 ساڵاندا بوون، خۆی بینییەوە و دەورە درابوو. پێشتریش لە نووسینگەی بەڕێوەبەر، لەگەڵ سێ مامۆستای شۆخ و جواندا، کە بانگهێشتنی قاوە و "چای ترش"یان کردین، دانیشتین. پرسیاری ئەوەیان لێ کردین، کە دەمانەوێ گوێ لە چ وانەیەک بگرین؟ نوییەری گوتی:"بە تەواوی ئارەزووەوە، مێژوو".

## وانەیەک لەمەڕ مێژوو:

چووینە ژووری پۆلێکەوە. مامۆستاکە لەو کاتەدا خەریک بوو ئیملا(دیکتە)ی بە خوێندکارەکان دەکرد. ئیملای زۆر و لەبەرکردنی زۆر، لە وڵاتێکی وەک عیراقدا، نیشانەی نەبوونی کتێبی خوێندن بوو. هەموو دەفتەرەکان بە خێرایی، خرانە نێو تەختەکانەوە و وانەیەکی ئاسایی، وەک نموونە و پێشاندان، بە عەرەبی دەستی پێ کرد. مامۆستاکە گوتی:"تەنی لە پۆلە پلەنزمەکاندا، بە کوردی وانە دەگوترێتەوە. بۆ پۆلی پلەی بەرز هیچ کتێبی خوێندن بە کوردی نییە". مامۆستا کۆمەڵێک پرسیاری لەمەڕ ئاشووری و بابیلی و ئەکەدی و سۆمەرییەکان کرد. دەستی کچان بە کۆمەڵ بەرز بووەوە و وەرامەکانیش گورج و خێرا و بە ڕوونی دەدرانەوە. مخابن بۆمان ڕێکنەکەوت، لێدوان و بۆچوونی مامۆستاکە خۆی لەبارەی دیرۆکی نوێوە ببیسین. یەک خوێندنگەی دیکەش گەڕاین و ئیدی پێمانوابوو تەواوی خوێندنگەکانی سلێمانیمان، کە سەرجەم 40 دانە بوون، دیوە. لەو خوێندنگەیەی دیکە، کە چووین، کچەکان بە پێشکۆشی سپییەوە و بە ڕێکوپێکی، بە دەوری مێزێکدا ڕاوەستابوون. مێزەکە سێ دەفری لە سەر بوو و لەنێو دەفرەکانیشدا، بسکویت، هێلکە و ڕۆن و کێکێکی بە شەکر، هەبوون. ئەو کارەیان بە بۆنەی کۆتایی تاقیکردنەوەوە کردبوو. لە هەر یەک لەو خۆراکانە، شتێکمان خوارد. لە دواییدا و لە ژووری نیگارکێشان، هەمدیس تووشمان بوو بە تووش "شەوقی" گۆناسێوینەوە، کە تکای دەکرد و دەیگوت:"دەمەوێ بخوێنم، دەمەوێ فێربم". پاشان باوکم بە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نائومێدییەوە پرسیاری کرد، کە ئایا دەتوانین سەردانی کتێبفرۆشییەک بکەین!. ئەو هەڤاڵە ڕووخۆشانە لەگەڵماندا بوون، داخوازییەکەی باوکمیان بەجێهێنا و چووینە تاکە گەنجینەیەکی کتێب، کە لەو شارەدا هەبوو و لەوێ ڕاوەستاین و دەستمان کرد بە ڕووپەلهەڵدانەوە و تێڕوانینی کتێبی کوردی. ئەنجامێکی، کە پێی گەیشتین، ئەوە بوو، کە کتێبخانەی کوردیمان، زۆر هەژار هاتە بەرچاو. زۆرینەی کتێبەکان چ کتێبی شیعر و چ کتێبی سیاسی، کۆمۆنیستانە بوون. لەبری کتێب، کڵاوی کوردیمان کڕی. کڵاوی کوردی یەکێکە لە نموونە هەرەجوانەکانی کاری دەستیی کوردی. کاتژمێری چوار، گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکە. دوو مامۆستای کچ و کچێکی دیکە، بە نێوی "جەمیلە" لەوێ ڕاوەستابوون. "جەمیلە" دەستێک جلی کوردی لە باوەش گرتبوو. جلەکانی بە دیاری بۆ من هاوردبوو. مخابن پاشتر ئەو دەستە جلەم لە ئەڵمانیا لێ دزرا. مامۆستا کچەکان و جەمیلە، منیان لەتەک خۆیاندا برد بۆ بانگهێشتنێکی چای و لەوێ فێری هەڵپەڕکێیەک بووم و لەگەڵ چوار کچدا هەڵپەڕیم. بەرانبەر بەو فێربوونی هەڵپەڕکێیە، منیش گۆرانی "ئاخ گەرمێنی جوان"م بۆ چڕین[7]. ئەوجا کاتی خۆراوابوون چووینە سەرچنار. کە چیاکانی وەک پشکۆ دەهاتنە بەرچاو. پاشان باوکم و من لای خانوویەکی بەردین گلدراینەوە. خانووەکە تابلۆیەکی نیۆنی لە سەر هەڵواسرابوو و لێی نووسرابوو: خەبات.

## بارەگای بارزانی:

ئێمە ئەو خانووەمان بە قاوەخانە یا جێگەی خڕبوونەوەی لاوان زانی. کورد لە هەموو جۆرە تەمەنێک لە سەر پلیکانەکان دانیشتبوون. کوردێکی درێژ هات و بە توندی دەستمی گوشی و بە ئینگلیزی گوتی:"شەوباش Good night". منیش بە گاڵتەوە گوتم:"دەتانەوێت هەر لە ئێستاوە بڕۆن؟". تومەز ئەوە تەنێ سڵاو و بەخێرهێنانە. لە ژوورە درێژ و باریکەکەدا، ئەم وێنانە هەڵواسرابوون: لە نێوەندا ژنێکی کورد، کە بە پیر و لاوانی کورد دەورەدرابوو. دەرکەوت ئەوانە شەهیدن و لە ڕێی خەباتدا دژ بە ئیمپریالیزم و بۆ ماف کورد شەهید بوون. لەولاوە وێنەیەکی ماوتسی تۆنگ —لەو سەردەمەدا وا نێو دەبرا- و یەکێکی لێنین هەڵواسرابوون. ئێمە لە نێو بارەگای "پارتیی دیموکراتیی کورد"ی تازەدامەزراوی[8] مەلا مستەفای بارزانیدا بووین. لەوێ تووشی لێپرسینەوەیەکی ورد بووین لە بارەی سوێدەوە.

- ئێوە لە هیچ پەیمانێکی سەربازیدا ئەندامن؟
- نا.
- چ وەگەڕخستن و سەرمایەگوزارییەکی بیانی لە وڵاتی ئێوەدا هەیە؟
- نا.
- چەند پارتیتان هەن؟
- پێنج، هەموویانمان ژمارد.
- چەند کۆمۆنیستتان هەن؟
- تا ڕادەیەک کەم.

---

[7] گۆرانییەکی میللی ناوچەی ڤەرملاند(گەرمێن)ی سوێدە.(وەرگێڕ).

[8] "پارتیی دیموکراتی کورد"ی مەلا مستەفای بارزانی، ئەو کاتە ساز نەکراوە، بەڵکە لە ساڵی 1946وە هەبووە، بەڵام لەو دەمەدا مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای دراوە.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- بۆچی؟
- لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتی خۆشگوزەرانی جڤاکییەی، کە هەمانە، لە شێوە و فۆرمێکی دیکە، کە ئێمە لەو بڕوایەدایین دەمانکاتە پاشکۆی هێزیکی دیکە، بۆ ئێمە باشتر دەگونجێت. ئێمە دەمانەوێ سەربەخۆ و ئازاد بین و بە ئاشتی بژین.
- دەی کەواتە ئێوە دەوڵەمەندن؟
- بەڵێ، بەڵام تا پێش سەدساڵێک ئێمەش تا ڕادەیەک وڵاتێکی پاشکەوتوو بووین. کەس ئەم باسەی نەژنەفتبوو و هەموو دڵنەوایی خۆیان دەکرد و دڵ پڕ لە ئومێد بوون و پێیان سەیر بوو.

وەک کۆتاییهێنانێک بە سەردانە تایبەتییە کەمخایەنەکەمان بۆ سلێمانی، تاکسییەکمان گرت و چووین بۆ لای بەنداوەکەی دەربەندیخان. دەشت و وشکاییەکە، کارەساتاوی دەهاتنە بەرچاو، نەرمەبەردی سەر ڕێگەی ئۆتۆمبیلەکە، دەبوونە هۆی وریاکردنەوەی مرۆڤ. بەرەو ژوور بە نێو تونێلێکی درێژدا، کە هێشتا تەواو نەکرابوو و فرانسییەکان لە کاتی شۆڕشدا بەجێیانهێشتبوو، ڕۆیشتین تا زنج و کۆڵێت و خێوەتەکانی ئەوبەرمان وەدی کرد و دەنگی زەنگێکی بڵند و ترسناکمان ژنەوت. بەنداوەکە، کە لە سەر چەمی سیروانە، لە لایەن سێ بەڵێندەری ئەمەریکایی و دەسگایەکی ئەڵمانی و کۆمەڵێک ئەندازیارەوە، کە سەر بە نەتەوە و وڵاتی جیاوازن، ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی ئەلەکتریک، بۆ باکووری عیراق دابین بکرێت. لە نێو ئەو هەموو نەتەوە و خەڵکەی ئەو وڵاتە جیاوازانەدا، یۆگوسلاڤییەک وەدەرکەوت و بە نێو خێوەتگەکەدا لە "کامەلا"[9] گێڕاینی. خێوەتگەکە لە کۆمەڵێک کۆڵێت و زنجی خنجیلانەی سپیی ژمارەدار پێکهاتبوو. خێوەتگەکە بە چواردەوری مەلەوانگەیەکدا بوو و پیادەڕێیەک و کۆمەڵێک داری بە دەوردا بوون و دەرکەیەکی هەبوو لە تاقی سەرکەوتن دەچوو! هەر زنج و کۆڵیتێک، دوو نادین[10] و دوو گەرماوی هەبوون. فرۆکەوانە ئەڵمانییەکان و دوو ئەڵمانی دیکە و سەیدا "کرێگەر" و ئێمە، ڕۆیشتین بۆ کۆشکی جێگری سەرۆکی ئەندازیاران، کە بەنداوەکەی پێشاندایین. ئەگەر مرۆڤ لەمەڕ بەنداوەوە هیچ زانیارییەکی نەبێت، فریو دەدرێت و تا ڕادەیەک وەک شتێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی دێتە بەر چاو، ڕێک وەک ئەوەیە، کە کارگەرە کوردەکان بە گاڵتەوە دەیڵێن، کە لاندۆڤەرێکی بچووک کوڕی لاندرۆڤەرێکی گەورەیە. ئەمە ئەندازیارێکی ئەڵمانی گێڕایەوە، نەک وەک نیشانەی ئارەزووی گاڵتە و شۆخی لە کن کوردان، بەڵکە بۆ سەلماندنی، دواکەوتوویی و بەجێماوییان لە بواری تەکنۆلۆژیادا!!

## لە ژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرەی کوردەواریدا:

گوتوبێژ و دەمەتەقەی کاتی شیوخواردنی نێو خێوەتەکەی، کە بۆمان دانرابوو تێیدا بنووین، شێوەیەکی جیاوازی هەبوو لەوەی بارەگای خەبات لە سەرەوە. لێدوان و باسەکان لە بارەی خەڵاتی نۆبێلەوە، کە "پاسترناک" وەریگرتبوو و لە بارەی ئەدەبی یۆگوسلاڤی و لەمەڕ تفاق و ناوماڵەڕیکخستن و لە بارەی وازهێنانی "ڤۆلفگانگ لەیۆنهارد"ی کۆمۆنیست و لەمەڕ مانگ و ماتماتیک و لەمەڕ دەستەیەکی ئەمەریکاییەوە،

---

[9] نووسەر وشەکەی بەو جۆرە نووسیوە، بەڵام نێوێکی ئاوها، کەسانی شارەزای ئەوێیش نایناسن. ڕەنگە خاتوو سیگرید، وشەی "کامپ"ەکەی بەر گوێ کەوتبێت و وای نووسیبێت.(وەرگێڕ).

[10] واتە: چیشتخانە، ئاشخانە، ئاشپەزخانە، شیوگە، چێشتگە، ئاشگە، مووبەق، متبەق، مەتبەخ(مطبخ). (وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که بڕوایان به خڕیی گۆی زەوی نییه و له بارەی کوردەوه و لەمەڕ زۆر شتی پێکەنیناوی دیکەوە، بوون. حەوتەوانه به سەر سەرمانەوه بوو و ئاسمانیش به ئەستێرەکانییەوە، له هەموو شەوێکی بەغدا ڕوونتر دەدرەوشایەوە. سۆزی[11]ی داهاتوو به فڕۆکەیەکی "VW"ی چکۆله و به بەرزیی 600 میتر و لەگەڵ "کاپتن ڤایس"دا، به سەر کوردستاندا، به سەر ڕێگه شاخاوی و نشێو و دۆڵ و چەم و ڕووبار و ئاوەڕۆ و کێڵگەی چوارگۆشەی پێدەشتەکاندا و بەرەوخوار بۆ بێئاوانەکان، فڕین و بەرەو بەغدا شۆڕبووینەوە. فڕۆکەوانەکه گوتی:"هیچ خۆش نییه، مرۆڤ ڕۆژی دوو گلەت بەم ڕێگەیەدا بفڕێت و بێت و بچێت". که گەڕاینەوه ماڵێ، "پاکیزه ئەڕڕاوی"، که به "حیلمی" بەنێوبانگه لەگەڵ خوشکەکەیدا چاوەڕوانمان بوون. پاکیزه، خەریکبوو "ئاڤێستا"ی وەردەگێڕایه کوردی. باوکم دەستی به خوێندنی وانه کوردییەکانی کردەوه. که باوکم سەفەری کرد و گەڕایەوه بۆ سوێد، ئێمه تا ئەودەمەی هەل و دەرفەتمان هەبوو، بەردەوام هاتوچۆی کوردانمان دەکرد. دوائێوارەیش، پێش ئەوەی له مارسی 1961دا، عیراق بەجێ بهێڵین، سەرکردەیەکی کورد و سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەبمان بانگهێشتنی ماڵ کرد، بەڵام دواتر ئیدی وای لێهات، وەها کارێک سەخت بێت و به هیچ جۆرێک نەکرێت. ڕەوشی کورد له عیراقدا به شێوەیەکی لەبەرچاو و خراپ گۆڕا و جەنگی خوێناوی براکوژی هەڵگیرسا. باوکم له پشتیوانی و خۆشویستنی کورددا، هەرچەندی پێی کرا له ماڵ له ئوپسالا، بەردەوام خەریک بوو. منیش پێوەندێکی چڕ و بەهێزم لەگەڵ کۆمەڵەی جیهانیی کوردستاندا، که پێگەکەی له ڕۆتردام بوو، هەبوو. له ڕێگەی ئەو کۆمەڵەیەوه و بەردەوام، هەموو زانیاری و ئاگادارییەکم لەمەڕ کورد، دەست دەکەوت و پێم دەگەییشت. ئەودەمه خەڵکی سوێد به دەگمەن دەیانزانی گەلێک به نێوی کورد هەیه، بەڵام ئەوڕۆ گەلێک کوردمان، چ وەک هاوولاتیی سوێد و چ وەک میوان، له نێواندایه. بلا ئەم کوردانه وا هەست بکەن له ماڵی خۆیاندان و شتێک به فەرهەنگی ئێمه پێشکەش بکەن و جارێکیش له جاران، وەک پێزانین و دیارییەک، ئاوڕێک له دوو دۆستی گەورەی کورد، له نێو توێژەره سوێدییەکاندا بدەنەوه و یادێکیان لێ بکەنەوه. ئەو دوو توێژەرەوەش، یەکێکیان پرۆفێسسۆر "ستیگ ڤیکاندەر"ه[12]، که بەم تازەیه کۆچی دوایی کرد و ئەوی دیکەیشیان پرۆفێسسۆر "هۆ. ئێس، نوییبەری" باوکمه، که تا ساڵی 1974 له ژیاندا بوو. ئەوان هەردووکیان به گەرمی هاوبەشیی چارەنووسی کوردیان کرد و به توێژینەوه و لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوویانەوه خەریکبوون و لەگەڵیشیاندا هاودەردبوون.

---

[11] واته: بەیانی، سبەینێ.(وەرگێڕ).

[12] "ستیگ ڤیکاندەر"، ساڵی 1908 لەدایک بووه. پاش ئەوەی له زانستگەکانی ئوپسالا و کۆپنهاگن و پاریس خوێندوویەتی، له ساڵی 1938دا له زانستگەی ئوپسالا، دوکتۆرای وەرگرتووه و له ساڵی 1941دا پلەی "دۆسێنت"ی له زانستگەی "لووند"، دراوەتێ و له ساڵی 1952دا له زانستگەی ئوپسالا بووه به پرۆفێسسۆر و له بواری سانسکریت و توێژینەوەی بەراورد، له زمانه هیندۆئەوروپاییەکاندا کاری کردووه. بۆ لێکۆڵینەوه و توێژینەوه له لوبنان و سووریا ژیاوه. له ساڵانی 1953 و 1959 و 1962-1963دا له تورکیا ژیاوه. پاییزی 1958 له ئەکادیمیای "ئۆبوو" و "تورون ئیلیۆپیستو" له فینلاند، دەرسی گوتووەتەوه. بێجگه له لێکۆڵینەوه و توێژینەوەی زمانەوانی و مێژووی ئایین، نووسینی لەمەڕ چیرۆکی شیعریی هیندی و ئەفسانەی هیندی بڵاوکردووەتەوه. کۆمەڵێک تێکستی کوردی کۆکردووەتەوه و له کتێبێکدا به نێوی "Recueil des textes Kourmandji"، له ساڵی 1959دا، له زانستگەی ئوپسالا بڵاوی کردووەتەوه. ساڵی 1986 کۆچی دوایی کردووه.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرچاوە: ئەم گوتارە یەکەم جار لە گۆڤاری"Svensk-kurdisk Journal" ی ژمارە 1-2ی ساڵی 1986دا، کە لە لایەن"کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد-کوردستان"ەوە دەردەچێت، بڵاوکراوەتەوە و زستانی 1987 کراوەتە کوردی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com